جەژنی نەورۆز لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە

وێنە: فازڵ فەرامۆش

عەباس سلێمان سمایل

زاناکـــان دەڵێن مـــرۆڤی نیـــاندرتال لە وڵاتی ئەڵمـانیـا سـەرەتا ژیاوە دواتر بەچەندین هەرێمی جـیـهـاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەهۆی هاتنی چاخی بەستەڵەک لە ئەورووپا و نەمانی خۆراک مـرۆڤی نیاندرتاڵ لە ئەورووپا مەحف دەبێتەوەو لە ناوچێت، بەڵام لە کـوردسـتـان و دەوروبەری مـرۆڤی زاپیـەن ئەوانی لەناوبردووە، بە گـوێرەی لێکۆڵینەوەکـان مرۆڤی زاپیەن کەرەگەزی ئەمرۆی مرۆڤە سەرەتا لە کوردستـان پەیدابووەو بە هەموو جیـهـانی ئەمرۆ بڵاوبۆتەوە.

کـەواتە زۆربەی کلتـوورو داب و نەریتـەکـانی گەلان، بەتایبەتی گەلانی کـیـشـوەری ئاسـیـا، لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووەو لێرەوە گواستراوە تەوەو بەدرێژایی مێـژوو گۆڕانی بەسەر داهاتووە، لەوانە جەژنی نەورۆزە کە چەژنی هەوا فـێنک بوون و سەری ساڵی کوردی و روخانی زوحاکە، دواتر چەندین روداو لەم رێکەوتە روویداوەو جـــەژنی نەورۆزی بەژمـارەیەک رێورەسم دەوڵەمەندکردووە، کە لە دوایین چوارشەممەی زستانەوە کە بەچوارشەممە سورە ناسراوە، دەست پێدەکات و بەسێزدەمین رۆژی مـانگی گـوڵان (فـەروەردین) کـە بەسـێـزدەبەدەر ناسراوە کۆتایی پێدێت.

جا ئەم جەژنەو هەموو جەژن و داب و نەریتەکانی دیکەی کوردستان لەنێو گەلانی دیکە گۆڕانیان بەسەر داهاتووە لەناوەکەو رێکەوتی یادکردنەوەیان. جـەژنی (پورولیـاس)ی هیـتـی نموونەیەکی دیکەیە ئەمرۆ بووەتە خدرو ئەلیاس، پورو لیاس لە زەمانی هیتی، کە یەک لە باپیرەی کوردانە واتای پەیوەست بە زەوی دەگەیەنێت، لەم جـەژنە ئەژدیهـاک لە ناو دەچێت و زەوی زیندوو دەبێـتـەوەو دەبێـتـە بەهار، واپێ دەچێت ئەم جەژنە بەر لە جەژنی نەورۆز هەبوو بێ و بۆ چاخی بەسـتـەلەک بگەڕێـتـەوە کـە ئەمـرۆ بووەتە خدرو ئەلیاس، جـەژنی نەورۆزیش لە کورت بوونەوەی وەرزی زسـتـان سـەری هەڵداوەو لە دوای جەژنی پیرولیاس دێت.

تێبینی/* نەورۆز لە نێو سۆمەریان بەناوی زاک موک و لەنێو ئەکەدیان بە ئەکیدۆ یاد دەکرایەوە

* ناوی نەورۆزی ئەمـــرۆ لە (نوگ رۆر یا نوگ رۆژ)ی پالەوی هاتووەو لەســەر زمـانی عـەرەبی بووەتە نەورۆزو نیـروز، واتە نوێ بوونەوەی زەوی و زیندوو بوونەوەی گیانی مردوان و زیندووبوونەوەی خوداوەندی دوموزی سرۆمەری دروست بوو یاسا و دەوڵەت و روخانی زوحاک.

* جاران لە هەموو جەژنێک قوربانی سەردەبڕا، لە ئایەتی مـیـرا بۆ هاتنی بەهار گـاسـەردەبڕا کـە پەیوەندی بە جـەژنی نەورۆزەوە هەیە، بۆ ئەوە بووە کە خودا بەزەیی پێیان دابێتەوەو رزگاریان بکات لە شومی زستان.

کوتەک شکاندن

هاشم خۆرانی

ئەو ســالانەی بەفـرێکی زۆر لە کـوردسـتـان دەکـەوێت، رێگا و بانەکـان هەمـوو دەکـەونە ژێر بەفر و بزر دەبن و دونیا بەجارێ دەبێتە یەکپارچە سـەهۆڵ، ئینجـا خـەڵکی گـوند و ئاوایـیـەکـان هەمـــوویان خـــڕدەبـوونەوە پێکەوە دەچوون رێگایەکـانیـان دەکـردەوە، ئەویش چۆن دەکـرا: هەڵدەستان بە پەستانەوەی بەفری سەر رێگاکان، بەپێ بەسەری دەکەوتن جاری واش هەبوو خوترمە و داری ئەســتـوریشـیـان بەکـار دەهێنا بۆ پەستانەوەی بەفر، ئینجا لە زۆر حاڵەت بەو کارە هەڵدەستان. وەختی خۆی کاروانچیەکان دەهاتنە شـار ناچاربوون کـە رێگا و بانەکـان بکوتنەوەو رێگاخـــۆش بـکەن. یان دەتدیت یـەکێ لەراو وشکار بوو لەچیا دەمـایەوە و بەفـرێکی ئەستور دەکـەوت. ئەویش هاواری دەگـەیشـتـە گـوندی و دەچوون دەیانهـێـنایەوە، یان جـاری وا هەبووە پێشمەرگەکان لەسەنگەرەکانیان لە بڵندایی چیاو شاخەکـان عـاسێ دەمان، خواردن و ئازووقـەیان نەدەگـەیشـتـێ ناچاردەبوون بەپـیـریانەوە بچن کـوتەک بشکێنن رزگاریان بکەن، یان ئازووقـە و پێداویستی جەنگیان بۆ بەرن. ئیتر بەشێوەیەکی گـشـتی خـەڵکەکـە نەیاندەتوانی هەر لەژووری مـاڵەکـانیـان لێ پاڵبـدەنەوە ناچاربوون کـوتەک بشکێنن بۆ مزگەوت بۆ قوتابخانە بۆ سەرکانی بۆ هێنانی ئاو، بۆ زۆر پێـویسـتی و کـار و چالاکی دیکە دانیـشـتـووی لادێیـەکـانی کـوردسـتـانی خۆشەویستمان قەت و قەت نەیاندەهێشت جووڵە و تەکـان لە ژیانی رۆژانەیاندا بوەستێت، چوست و چالاکانە دڕیان بە سەهۆڵبەندان و بەستەڵەک دەدا تا گـوڵە نێـرگـز لە ژێر بەفـردا سـەرەتاتکێی دەکـرد و تا هەتاوی نەورۆزیش لە ئاســۆ سـەر لەنوێ مـــوژدەی خـــۆشی دەهێنایەوە...! وەرزی زستان بەیەکجاری پشتی دەدا و کۆتایی دەهات.

کەرەکەی مام حەسەنی و جامبازەکانی هەولێر

هۆشیار عەبدوڵڵا

(مام حەسەن) هەبوو خەڵکی گوندی (هەرمک)ی ناوچەی خۆشناوەتی بوو، کەرێکی هەبوو بارەداری پێدەینا، کاروانی پێدەکرد، چەند ساڵێک بوو لەلای بوو، کەرەکەی پیر ببوو، توانای ئیشوکاری نەمابوو، ڕۆژەکیان (مام حەسەن) هەیپێی لێدەکا دێتە هەولێرێ کەرەکەی بفرۆشی و کەرەکی دیکە بکڕی، دەچتە مەیدانی وڵاغان، کەرەکەی بەکەم چشتەکی لە بن دەستی دەردەین بەبیانووی ئەوەی کەرەکەی پیرەو تاقەتی هیچی نەماوە، ٢-٣ ڕۆژان لە هەولێرێ دەمێنێتەوە هەموو ڕۆژێ لەگەر گەردی بەیانییان دەچتە مەیدانی وڵاغان بۆ کەر کڕین، خۆ جامبازەکانی هەولێریش هەر خوا ڕەحمیان پێبکات کە دەزانن مام حەسەن پیاوەکی سادەو ساکارو ساویلکەو بێغەش فرت و فێرو هەژارە، دەچن هەر کەرەکەی خۆی پێدەفرۆشنەوە بە قیمەتێکی گرانبەهاو باش، بەخۆو بەکەرەوە هەیپێیلێدەکات بەرەو گوندی (گەرمک)ی. پێش ئەوەی بگاتە گوندی، کابرایەکی خەڵکی گوندەکەیان تووشی مام حەسەنی دەبی، پاش ماندی بوون لێککردن و چاک و چۆنی، مام حەسەن بەخێر بێیەوە، ئەوە (٣) سێ ڕۆژە مام حەسەن گوندی بەجێهێشتییە، مام حەسەن دەرێتە کابرای ئەو کەرەم کڕییە، دە تەماشایەکی بکە کابراکە تەماشای کەرەکەی مام حەسەنی دەکاو دیقەتی دەداتێ دەزانی ئەوە کەرەکەی مام حەسەنییەو دەیناستەوە، دەرێتە مام حەسەنی ئەوە کەرەکەی خۆتە؟ دەترسێم فێریان لێکردبی، قۆریان بڕیبی، (مام حەسەن)یش دەرێ کوو وەیە؟ کەرەکەی خۆم ئەوا ٢-٣ ڕۆژە فرۆشتییە، کەری خۆمی چی؟! خوا دەزانێ کەری من هەنووکە لە چ گوندەکییە؟! کابراش دەرێ: وەڵڵا کەرەکەی خۆتەو هەنووکەوا لە (هەرمک)ییە، مام حەسەن باوەڕ ناکات، کابرا بۆ ئەوەی قەناعە باشە مام حەسەن ئەشتەکیکە ئەکەین، کەرەکەی بەرەڵڵا ئەکەین، ئەگەر کەرەکە چووە مارینگۆ دیارە ئەوە کەرەکەی تووە، چونکە کەرەکە مارێ پێئەزانتەوە، خۆ ئەگەر کەرێ تو نەبوو ئەوا ناچتەوە مارێنگۆ، دیارە ئەوە هەو نییە، مام حەسەن دەڵێ: باشە، کەرەی بەرەڵڵا دەکەن، دوورو نێزیک لە دوو دەبن، لۆ کەرە هەتا ناو حەوشەی مارێ مام حەسەنی و هەتا سەر ئاخوڕەکەی خۆی گیر نابی، ئەوجا مام حەسەن قەناعەت دەکا ئەوە کەرەکەی خۆیتی و جامبازەکانی هەولێرێ فێریان لێکردییەو قۆریان بڕییە، مام حەسەن کە ئەوەای دیت دەست بە دوعایان دەکات خوای هەری نەگری، خوایە هەری نەگری، ئەی ئەو هەموو سونده چ بوو بە (قەبرستانی چراغی) و (شێخەڵڵا)ی دەیانخوارد؟

خوایە کەڕوو کوندیان کەی، خوایە گڕویان کەی، ئەوە لۆیێ هەمووی گڕو بووینە، ئەوەی ئەو فڕو فێرانە لە فەقیرەکی وەکی من ئەکەن.

سەرچاوە

١- ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە بەسەر (مام حەسەن)ی هەژاری خەڵکی گوندی (هەرمک)ی ناوچەی خۆشناوەتی هاتووە، منیش لە مامۆستا (ئەحمەد محەمەد سادق)م بیستووە کە کاتی خۆی لەوێ مامۆستا بووە.

سەماو شایی دەشتی هەولێر

خالید جوتیار

٨

مەیللەتانی ئەو دونیایەش هەمووان سەماو هەڵپەڕکێی خۆیان هەیە، هەندێکیشیان بەهۆی نزیکی و ئاڵوگۆڕی بوارەکانی ژیان لەگەڵ هی نەتەوەکانی تر تێکەڵن، چەکەرەبوونی جولە لە بینایی و ڕامانی وردی بیرکردنەوە دەربڕین لە حاڵەتی دەروونی بەندی چەندان هۆکاری دیارو بزرن و هەموو ناوەڕۆکێک نابتە شایی، ئەوە پێویستییەکانی ژیان شیرازەی دەکەن، هەلپەڕکێ داب و نەریتی خۆی هەیە، بەپێی باری ژیاری و ڕۆناکبیری دەگۆڕێ، لای هەندێ نەتەوە وەک تەقسێکی پیرۆز سەیری دەکرێت، هەر ناولێنانی شاییەکان لە بنەچەدا، ئاماژەی کردەیەکی بەرایی لە مێژترەو بەناوهێنانی هەریەکیان دنیای ئەم تابلۆیە دێتەوە بەر خەیالان، ئەو دابڕکردنە ئەوەمان بۆ ڕوونەدکاتەوە کە هەر یەک لەم جموجۆلانە سەر بە بارێکی ترە بۆ بۆنەو هۆی تایبەتی خۆی کە لەکاتی خۆیدا سازاوە، ئێمە لەو سەرەتایە بەگشتی باسی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک دەکەین، چونکە گەلێ دیاردەو دابونەریتی لەگەڵ خۆی هێناوەتە سەردەم و زۆر بیرو بۆچوونی بەرایی پاراستووە ڕەشبەڵەک، واتا شایی تێکەڵاوی (نێرو مێ) بە پێچەوانەی سەما کە لە هەردوو حاڵەتی شادی و غەم دەکرێ، ئەم خۆشی و شادیە بۆ زۆر بۆنە دەکرێ لەوانە (زەماوەند، جەژن، هاتنەوەی کەسێکی بێ سەرو شوێن، بەهاران لە گەشت و سەیران، پێشوازی. شایی چۆپی یان چۆپەیی لای خوالێخۆشبوو د. مستەفا جەواد ئەوەیە کە (وشەی چۆپی دەگەڕێتەوە سەر عەشیرەتی «جوبی یان شوبی» کوردی و لەو وشەوە ناو و ئەم شاییە هاتووە. هەروەها شێخ جەلالی حەنەفی دەڵێ: (چۆپی شاییەکی کوردیە بنەچەی وشەکەش لە «چووب» واتا «دار» هاتووە، لەو باوەڕەیە وەختی خۆی ئەم شاییە بە ئاماژەی دار کرابی، بیروڕای ئەم دوو زاتە هەریەکی لە بۆنەیەکەوە هاتووە هەردوویان ئەوە دەسەلمێنن کە شاییەکە کوردیە جا چ بەناوی عەشیرەت بێ یان لە ئاماژەی دارەوە هاتبێ.

لە بیروڕای کوردەواریدا وەک لە دابونەریت ئاماژەی پێکرابێ لای چەپە موبارەک نییە چونکە بەلای کاری شەیتانیدا دەچێ، بە تێکەڵاوی نێرومێ ئەو بۆچوونە هەندێ بەو مانایە دەبات کە کارێکی هەوەسبازییە، من بۆ ناوی ئەو شاییە زۆر زەینم دایە بیروڕای ئەم دوو زانایە، بۆچوونەکانیان نزیکە واقیعە، بەڵام بۆ خۆم هەستم دەکرد دەبێ دەلیلێکی دیکە هەبێ تا ئەم بیرڕایانە ڕوونتر ببنەوە، لای خۆمان زەینم دەدا شایی چۆپی بەلای ڕاستەدا دەڕۆیشت، لە زۆر شاییکار کۆن و زوڕناژەن و دۆڵەنگبۆم پرسی هەر دەیانگوت بەلای ڕاستەدا دەڕوا، بەڵام لە هەندێ گەڕانی مەیدانی ناوچەی بادینان و بەتایبەتیش ئامێدی شەوێکیان لە ئاهەنگی بووک گواستنەوەکدا لەگەڵ هونەرمەندان- تەحسین تەها و هاوتا ئەسعەد « لەشاییەکی گەورەدا هەموو شایی چوپەیی چ ڕەشبەڵەک چ تەنیا پیاو لە شایی چۆپەییدا بەلای چەپەدا شاییان دەکرد، بۆیە دڵنیابووم لە جۆری شاییەکەو ناو لێنانیشی.

جولەی شاییکاران بەپێی ناوچەکان هەندێ گۆڕانکاری هەیە، لە ناوچە شاخاوییەکان خێراترە لەوەی لە ناوچەی دەشتاییەکاندا هەیە ڕەنگە ئەمەش بۆ باری دەروونی و ساردی ناوچەکەدا بگەڕێتەوە، کە هەمیشە شوێنی شاخاوی مرۆی لەش سوک و ڕۆینی خێرایی لێیە، خەڵکیش بەو زۆریە بەشدار نابن، بەلکە کەمی کەسەکان دیسان هاندەرە بۆ خێرا جولانەوەیان لە بازنەی شاییەکەدا، بەو بارە دەگەڕێینەوە شایی و ڕەشبەڵەکی دەشتی هەولێرو دابی جوانی کوردەواری و ڕێورەسمی ڕۆژانی شایی.

لاوکی شێخ مەحمود

ئا/ وێنە: حاجی فاتح دارەبەنی

هەر جارەکی بە بەردەمی کۆتەڵی (مەلیک مەحمودی حەفید) تێدەپەڕم، لاوکی کاوێس ئاغام بەبیردێتەوە کە دەڵێ (ئەسپێ شێخ مەحمود، گەنجی شێخ قادر بابێ لەتیف خورتە دەکا پێکۆڵێ).

ئەو لاوکەی کاوێس ئاغا دەیڵێ بەلاوکی شێخ محمود ناسراوە.

بێگومان لاوکی شێخ مەحموودی نەمر لە هەموو رژێمەکانی یەک لە دوای یەکی عێراق قەدەغە کرابوو، هەرچەند ئەو هەموو ساڵەی بەسەردا تێپەڕبوو بەڵام چونکە شۆڕشەکەی ئەیلوول تەواوکەری شۆڕشە کوردیەکان بوو هەتا راپەڕینی ١٩٩١ بە ئازادانە کاسێتی ئەم لاوکە رەها نەکرابوو،

فەرموون ئێوەو لاوکەکە:

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆۆ.. شێخی زراڤ..

دەلۆیلۆۆ بهارە بسەرێ سلێمانیێ داکەتم محەلێ شەڕان هێلا..

لە عاسمانا خۆش دێ گرێنێ تەیاران، شرقێنێ مەترەلۆزان، رنگێنێ بۆمبا، ورشێنێ ترومبێلا، برا گازەگازێ نۆبەتدارا.. ئاخ

بەلێ شادو شهودێ شێخ مەحمود، گەنجێ شێخ قادر بابێ لەتیف گەڵەگەڵە، هەنە بسێ دەنگان گاز دکا (کەریمێ فەتاح بەگ) بەگەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەلینانەکی بکەن، ئەزێ چ گاڤا دەستێ خۆ بدەمە دارێ جامبێزارێ بکوژم کافران، خلاس بکەم تۆڤێ (کابتان بێلا)...

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ شێخی منۆو... ئەزێ هەندی هاوار دکەم، هاوارێ تورکان گەلەک دوورەو گرانە کورد خائینۆ...

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ.. شەرەکا قەومی لە چیایێ (سورداشێ) لە دەرێ دۆلێ...

ئەسپێ شێخ مەحموود، گەنجێ قادر، بابێ لەتیف خورنە، دەکا پێ کۆلێ...

شێخ مەحموود، ب سێ دەنگان گاز دەکا کەریمێ فەتاح بەگ، مشورێ من، هەموو گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەلینانەکی لەمن رابکەن، بەلێ شەرێمە لە دەشتێ نایێتەکردنێ، شەرێمە خۆشە بکەویتە دۆڵ و چیاو چۆلێ..

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ شێخی منۆ..

بەلێ فایدەی نییە هاوار دەکەم، هاواری تورکان گەلە دوورو گرانە کورد خائینۆ..

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ...دەلۆیلۆ.. شێخی زراڤ

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ شەرەکا قەومی لە چیایێ (سورداشێ) وا بە بەرە.. عەسکەرێ (هیندۆ)و (فەلەرەشکا) بەرێ سبەینێ ژێرا هاتە سەرە.. بەلێ شادو شهودێ شێخ مەحموود، گەنجێ شێخ قادر، بابێ لەتیف گەلەک هەنە، بسێ دەنگان گاز دەکات، کەریمێ فەتاح بەگ، گەلێ عەشیران، ئەورۆ دەست هەلینانەکێ بکەن، بەلێ چ گاڤا دەستێ خۆ بدەمە دارێ جامبێزارێ، بگرم شارێ (کەرکوکێ) شارێ (بەغدابێ)، هاوارەکی تێ بچێخم (لۆندەرە)

دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ .. شێخێ منۆ...ئەزێ ئەورۆ هاوار دەکەم فایدەی نییە هاواری تورکان دوورەو گرانە کورد خائینۆ.. دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ ...شێخ مەحموودێ منی (زەری)، لە چیایێ (سورداشێ) سواربوو هاتە (خەلکانێ)... بە ژنا شێخ مەحموود گەنجێ شێخ قادر بابێ لەتیف نەبووە تایکێ ڤێ (روحانێ)... شێخ مەحموود بسێ دەنگان گازی دکات، کەریمێ فەتاح بەگ، گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەلینانەکێ بکەن، ئەوە سێ رۆژە، وەمێ حاسێ بووین لە چیایێ سورداشێ، لەمە دیارنیە، بۆمەبێ ئیمدادێ (وانێ)... دەلۆیلۆ.. دەلۆیلۆ..دەلۆیلۆ.. شێخێ منۆ..بەلێ فایدەی نییە، هاوار دەکەم، هاوارێ تورکان گەلەک دوورەو بلاوە کورد خائینۆ...

هەڵەبێن

عوسمان خورشید پاڵانی

شەش پیتە مەتەڵ ئەی برای لادێ
ئامێرە دەغڵی پێ دەهاڕدرێ
یەک و دوو سێ و چوار ئاشکرایە
مرۆڤ گەر نەیبێت چی لە دەست نایە
پیتی یەک وپێنج لەگەڵ پیتی سێ
دانەوێڵەی گشت پێ درە و دەکرێ
پتی سێ و چوار، پێنج و شەش جوانە
من پێت دەڵێم ناوی یەزدانە
سێ و چوار لەگەڵ شەش ودوو
هاوین لەسەر بان لەناوی بنوو
شەش و پێنج و سێ وچوار بیزانە
مرۆڤ گەر وابێ دۆستی هەمووانە
پیتی شەش و پێنج سێ و چوار و دوو
جووتی پێ بکە لەسەری کاغەز زوو
پیتی چوار و پێنج ئینجا پیتی سێ
ئافەرەت بۆ جوانی لەسەر دەنێ
پیتی چوار و پێنج و شەش برای لادێ دەبێ
شیرین بی لە شار و لەدێ
یەک و پێنج و شەش برای نازدار
زۆر سوودی هەیە لە دەشت و لەشار

بڕیشکە

نەجیبە سەلیم

قەزناغێک گەنمی قەندە هارییان دەهێناو جوان خاوێنیان دەکردەوە، ئینجا جوان دەیان شوشت، پاشان هەڵیان دەخست لەبەر هەتاو تا هەندێک کزر دەبووەوە، دواتر شیری مەڕیان دەهێناو گەنمەکەیان دەخستە ناو مەنجەڵێک ئینجا ئەو شیرەیان تێدەکرد.

شیرو گەنمەکەیان تێکەڵ بەیەکدی دەکردو بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر دەمایەوە ئینجا دوای ئەوە ئەو گەنمە شیرەکەی هەڵدەمژت، هەڵیان دەخست تا وشکدەبێتەوە کە وشک دەبووەوە دەیان خستە ناو جۆرکی جاغ، لە پاشان لەناو سێر لەسەر ئاگردان دەیان برژاند، پاشان بۆ شەو چەرە بەکاریان دەهێنا بەتایبەتی لە وەرزی زستان.

کەرستەی کەلتووری لە کوردەواریدا

ئا: محەمەد کەریم نانەوا

بێگومـان لەبەر ئەوەی کـوردسـتـان لەرووی پیشەسازییەوە بێجگە لە هوردەکاری دەستی، ئەگـینا هیچ پرۆژە و کـاری بەرهەمـداری تیادانەبووە، بۆیە لە کۆنی کۆنەوە دانیشتووانی دێهاتەکان لەسەر تاسەری کوردستان، بەزۆری خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵ بوونە، بۆ راییکردنی کاروبار و پێداویستی رۆژانە و بردەدان بەژیان.

سوودیان لە سروشت و چوار دەوری خۆیان وەرگرتووە، بەتایبەتی ئاژەڵداری و بۆ کەرستەی پێویست بێجگە لە بەروبومی گۆشت و شیر، سوودیان لە پێستە و ریخۆڵە و خوری و موو وەرگرتووە، بەدەیان کەرستەی بەسوودیان لێ دروستکردوون، بۆنموونە:

– **پێستەی رەشە وڵاغ:** مەشکەیان لێ دروستکردووە.

– **ریخەڵۆک:** سیرمەیان لێ دروستکردووە، هەروەها بێژینگ و سەرەندیان لێ دروستکردووە.

– **پێستەی بەران–** دوای خۆشکردنی بۆ هەڵگرتنی پەنیر و ژاژی سوودیان لێ وەرگرتووە.

– **پێستەی مەڕ و کاوڕ و بەردیل:** هەنبانەیان لێ دروستکردووە، بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە.هەروەها (هیزە) یان لێ دروستکردووە، بۆ هەڵگرتنی روون.

– **پێستەی بزن:** کوندەیان لێ دروستکردووە بۆ ئاوهێنان. ئاویان تێدەکرد لەبن کوندەران دایان دەنا، شەوبای لێدەدا سارد دەبوو بۆخواردنەوە و بۆ سەر پەرێز بۆ سەپانان.

– پێستەی کار و گیسک: جەوەندە و دێمکەیان لێ دروست دەکرد، بۆ شوانان ئاویان تێدەکرد.

– **خوری :** جۆرەها شتیان لێ دروست دەکرد، وەکو:

* لباد– بۆ راخستن و خەوتن.
* کەرک و پەستەک– بۆسەر بەرگی پیاوان.
* کە پەنگ– بۆ شوانان.
* سەر کڵاوی خوری– بۆ سەپانان.
* بەڕ– بۆ راخستن و خەوتن.
* جاجم– بۆ خەوتن.
* دوگرد، یان بەرماڵە نوێژ– بۆ نوێژکردن.
* پۆپەشمین– هەروەکو جاجمە، بەڵام نەرم و شلە، وەکو جاجم سفت نیە، نەخشەکانی چوار گۆشەیین.
* جوار– جەواڵ بۆ هەڵگرتنی گەنم و ئارد و دانەوێڵە.

گوریس– بۆ بار بەستان و ئاو هێنان لە (بیر) و لە گۆمە ئاوی شیر ناوی باران، لەوەرزی بەهار.

* کەژی بۆشەغرەلێنان و تەنکێش و پار و، و بن زگی وڵاغ.
* بەن بۆ دروستکردنی گۆریە و سامۆتە و گوریس و کەژی و کلاش و سەر کەلە بۆ وڵاغ، شەدانگ و توور بۆ هەڵگرتنی نان و پێخۆری شوانان. هەروەها دەست رازە و هەروەسا (تووربێنە) ی لێ دروست دەکەن، ئافرەتانی کۆچەری منداڵی ساوای لەناو دادەنێن لە پشتی خۆیان هەڵدەدەن بگرە لە کوردەواری دا رستە و گورینگی رەنگاورەنگی لێ دروست دەکەن بۆ رازاندنەوەی ناو ماڵ، هەروەها (تێڕ)ی لێدروست دەکەن.

– **مووی بزن:** رەشماڵی لێدروست دەکەن. شوانکارە و کۆچەرییەکان لە جیاتی خانوو، هەڵیدەدەن هەروەها رەشکەی لێدروست دەکەن کە بۆ کاکێشان و قەسەر کێشانەوە سوودمەندە.

– **مووی بزنە مەرەز:** رانکوچۆغەی لێدروست دەکەن.

– **مووی بزنی دورە:** لە زەمانی کۆن (بوزی) یان لێ دروستدەکرد بۆ پۆشاکی پیاوان.

– **مەبەست لەم بابەتە ئەوەیە:** ئەم کەرستانە، کەرستەی کەلتورین، لە دەستکردی دایکوباب و باپیرانی ئێمەن. میللەتان شانازی بەکلتوری خۆیان دەکەن. وانەی زانستی کۆمەڵایەتی لەسەر دەخوێنن. کەچی سەد حەیف و مخابن، لەم وڵاتی کوردەوارییەدا توێژی گەنج و لاوان، لەبەر لاسایی کردنەوەی هەڵسوکەوتی بیانی، فۆلکلۆر و کەلتووری نەتەوەییان فەرامۆش کردووە، لەنێوان سەد گەنجی کوڕ و کچ (٤) چواریان ئاشنا بەکلتوری باب و باپیرانیان نین و هیچ حیسابێکی بۆ ناکەن.

مام ئەحمەد و کوردەواری

ئا: ژیان دزەیی

ئێمە ئەگەر لەگەڵ ئەو پیاوە بەتەمەنە بدوێین دەزانین کەلەکاتی خۆیان چ ژیانێکیان لەدەشت و لە چیاکان بەسەر بردووە، بەتایبەتی لەو کاتانەی لە ئیش و جووت و درونەکردن کاریان کردووە. مام ئەحمەد سمایل قادر تەمەنی ٧٠ ساڵە خەڵکی گوندی گرد مەلایە، بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە گوندی دەژیاین نەخەستەخانە هەبوو نە دکتۆر هەر کەسێ نەخۆش دەکەوت هانامان بۆ دەرمانی کوردەواری دەبرد، هەر نەخۆشییەک دەرمانەکمان بۆ دروست دەکرد، ئەو دەرمانانەش لەگیاوگۆڵ دروست دەکران، بەتایبەتی بۆ نەخۆشییەکانی ژانەزگ و زگچوون و تاداری و بریندار. بۆ ئەوەش کەلکمان لە پونگ و لە دەرمان چای و لە رۆنی مەڕ و لە زەرەند و شتی دیکەش وەردەگرت. مام ئەحمەد دەڵێت خۆم زۆر چوویم بۆ دورنەکردن بەداس، لەو کاتی دەڕاسە ئەوها نەبوو، هەر بەدەستی دورنەمان دەکرد جاری وا هەبوو کەسێک بەداسی دەستی خۆی دەبڕی، لەو دەشتە دەچووین قەرسە قولی ئاژەڵی کە وشک بوویتەوە دەمان هێنا ئاگرەکمان تێبەر دەدا دەسووتا، ئینجا دەبووە مشکی کە سارد دەبۆوە لەسەر برینەکەمان دادەنا و بە پەڕۆکەکی دەمانبەستاوە، بۆ سبەینێ چاک دەبۆوە. بەڵێ ئەوە بووە ژیانی دەشتێ و رابردووی کوردەواری.